# کارەکتەرسازی لە دەقی (گۆرانیبێژی بچووک)دا

د. حەمە مەنتک
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە)

(گۆرانیبێژی بچووک)، نوێترین کۆچیرۆکی بەختیار حەمەسوورە، کۆچیرۆکەکە لە سێ چیرۆکی پێوەند بەیەکەوە پێک هاتووە. دەتوانین هەر چیرۆکەیش بە جودا و سەربەخۆ بخوێنینەوە. وەک چیرۆکەکانی پێشووی، فەزای ئەم چیرۆکەش، فەزایەکی شارییە، واتە کارەکتەرەکانیش خەڵکی شارن.

دەمەوێ بڵێم چیرۆکەکان فەزایەکی شارییان هەیە و ڕووداوەکانی لە شار ڕوودەدەن، فەزای شاریش لە کۆمەڵێک پێوەندی پێکدێت، واتە خستنەڕووی کولتوور لە پێکهاتنی فەزای شارەکاندا و پێوەندییە ونبووەکەی نێوان فەزای فیزیکی و فەزای دەروونی، لە ڕێی نۆرمە کولتوورییەکانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، کەواتە فەزای شار وەک ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک پێوەندی لەخۆ دەگرێت، لەم چیرۆکانەش ئەو یاسایانە پیشان دەدرێن، کە پێوەندییە کولتوورییەکانی خەڵکی کۆمەڵی کوردی بەڕێوە دەبەن. پێوەندی نێوان برادەرەکان بۆ دروستکردنی شوورەی گەڕەکەکان لەناو حزب، پێوەندییە خێزانییەکان هەموو ئەمانە فەزایەکی شارییانە دروست دەکەن.

یەکێک لە لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم چیرۆکانە بریتییە لە هەڵدانەوەی ڕووداوەکان. دەمەوێ بڵێم ڕووداوەکان هەن، تۆزیان لەسەر نیشتووە، سێ کارەکتەر: باوک، برا، نەوەیەک ئەم ڕووداوانە هەڵدەدەنەوە، ئەم هەڵدانەوەیە

لەگەڵ خوێندنەوەی دەقەکە و پێشکەوتنی خوێندنەوە جێبەجێ دەبێت. بەختیار حەمەسوور چ لەم چیرۆکانە و چ لە چیرۆکەکانی پێشتری قەت هەوڵ نادات ناڕوونییەکی ناپێویست، یان نالۆژیکییەک لە ڕووداوسازی و کارەکتەرسازیدا هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر چالاکانە بەشداری لە خەڵقکردنی ڕووداوەکاندا بکات، ناچار ڕووداوگەلێک دابڕێژێت تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت، بەڵکوو دەبێت خوێنەر بۆ تێگەیشتنیان زەحمەتیی بکێشێت.

چیرۆکەکان چەندان پارچەن، خوێنەر ناچارە ئەو پارچانە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی چیرۆکێکی تەواوەتی بۆ دروست بێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی سەد درز لە یەک چرکەدا، کە لە لایەن کوڕی یەکێک لە براکان دەگێڕدرێتەوە، بە مینی پاس دەیەوێت بگەڕێتەوە گوند و لەوێ پارچەکانی چیرۆکەکە کۆبکاتەوە و بە خستنەڕووی هەر پارچەیەک خوێنەریش ناچار دەکات لە پێکەوەلکاندنی پارچەکان بەشداری بکات.

لە چیرۆکی مێزی ڕازاوەی جەژنێکی دوو کەسیدا ئەو دیمەنە هەیە ((لە مەزادخانەکەی خواروو کەوتە فرۆشتن و کڕینەوەی کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن و سەتەلایت، لەپڕێک بوو بە کوڕێک! گوللەیەک، کە ئێستاش نەزانرا کێ تەقاندوویەتی و چۆن لە کۆڵانە تەنگ و نسرمەکانی ئەو تاریکەبازاڕەدا بۆی دەرچوو، دڵی ئەم دەپێکێت، بەسەر مێزەکەیدا دەکەوێت، کۆنترۆڵەکانیش خوێناوی دەبن؛ وابزانم بەو گوللانە دەگوترێت: وێڵ!))

لەم دیمەنەدا هیچ نالۆژیکییەک نابینی، جۆرێک لە گەمەیەکیش لەگەڵ خوێنەر کراوە، بەتایبەتی کە کۆمۆنیستێک، لەناکاو دەوڵەمەند بێت، ئەمە لە ڕێی ڕستەی: لە پڕێک بوو بە



**بەختیار حەمەسوور**

کوڕێک، واتە ئەو کەسە بە شێوەیەکی سەیر و ناڕوون دەوڵەمەند بووە، بە واتایەکی تر کەس بە کۆنترۆڵفرۆشتن دەوڵەمەند نابێت، بۆیەش گوللەیەکی وێڵ، کە دیارە وێڵ نییە، سینگی دەپێکێت و دەکوژرێت. لێرەدا خوێنەر بەشداری لە دەقەکەدا دەکات، بەوەی چەند ئەگەرێک بۆ خوێندنەوەی دەقەکە لەناو زەینی خوێنەردا دروست دەبێت. هاوکات هیچ نالۆژیکییەک و ناڕوونییەکی ناپێویست لەناو دەقەکاندا نییە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر بەشدارییەکی تەواوی تێدا هەبێت.

یەکێک لە پنتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم چیرۆکانە، کارەکتەرەکانن. لە هەوەڵدا باسی ئەوەم کرد، هەموو کارەکتەرەکان، خەڵکی شارن و شارییانە ژیاون. لەم چیرۆکانەدا هیچ کارەکتەرێکی پەراوێزخراو نادۆزیتەوە. دەتوانین ئەمە بە فرەیی کارەکتەر ناو ببەین، فرەیی کارەکتەر ڕێک کارەکتەرسازییە، واتە کارەکتەرەکان کەسایەتی نین، بەڵکوو هەریەکەی

تایپ و جۆرێکە. بە هۆی ئەم تایپ و جۆرانەوە، کردارگەلێک دەنوێنن و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن. شانۆکارێک لە چیرۆکی مێزی ڕازاوەی جەژنێکی دوو کەسیدا، وەک شانۆکار ڕۆڵ دەبینێت، لە ژیانیشیدا وەک شانۆکار دەژیەت، برازای وەگێڕ، هاوڕێی چیرۆکنووس لە شام، کە بە ئەکراد ناوی دەهێنرێت، بە هەمان شێوە وەک خۆیان ڕەفتار دەکەن.

فرەیی کارەکتەر، شێوازێکە پێشتر لەکن چیخەڤ، ڕەیموند کارڤەر، گوڵشیری بینراوە، هەموو کارەکتەرەکان وەک خۆیان مامەڵە دەکەن، کۆمۆنیستێک، وەک کۆمۆنیست، پیرەمێردێک، وەک پیرەمێرد، ژنێکی سەر بە عەبا، کە منداڵێک لچکی عەباکەی گرتووە و بە هۆی ڕۆیشتنەوە عەباکەی بە باڵ چوێنراوە، وەک ژنێکی سەر بە عەبا ڕێ دەکات. هەموو ئەم دیمەنانە وا دەکەن، قەناعەت لەکن خوێنەر دروست بکەن، کە ئەم کارەکتەرانە خۆیانن، بە کەس نەکراون، دەمەوێ بڵێم هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان بەسەر مرۆڤی باش و خراپ دابەش نەکراون، بەڵکوو هەریەکەیان بە گوێرەی ژینگە و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییان ئەزموونی ژیانی خۆیان دەکەن. دەبینین ئەمە بۆ ڕەگەزیش تەکنیکانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

لەم چیرۆکانەدا بە ئەنقەست ناڕوون نیشان دراون. خانمی پیکاسۆ لە چیرۆکی سپێنەی چاو لە تاریکیدا، هاوکات خانم، وەک خۆشەویستیی چیرۆکنووس بە هەمان شێوە، زانیاریی لەبارەیانەوە کەمن، بەڵام خوێنەر بە هۆی هێندێک ئاماژەوە دەتوانێت ئەو ناڕوونییە لابدات. ئەم جۆرێک لە ناڕوونییە هەوڵێکە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بەدواداچوون بۆ کارەکتەرەکە بکات و کەشفی بکات، واتە لە ڕێی قسە و کردەوەکانیان ئێمە بە وردی کارەکتەرەکان دەناسین.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، سێ وەگێڕمان هەن، هەر سێکیان لە هەوڵدان چیرۆکی بنەماڵەکەیان بگێڕنەوە. لە چیرۆکی یەکەمدا وەگێڕ، کە من ناوی دەنێم باوک، بەشێک لە چیرۆکی بنەماڵەکەی لە ڕێی گەڕان و کنە و پشکنینی دەستنووسەکانی براکەیەوە بگێڕێتەوە. لە چیرۆکی دووەمدا، وەگێڕ، کە من ناوی دەنێم چیرۆکنووس، بەشێکی دیکەی گێڕاوەتەوە، لەگەڵ هەندێک ژیانی خۆی. لە چیرۆکی سێیەمدا کوڕ (کوڕی باوک) وەگێڕە و لە ڕێی دەستنووسەکانەوە سەردانی گوندەکەی خۆیان دەکات بۆ ئەوەی چیرۆکی بنەماڵە تەواو بکات. ئەوەی جێی سەرنجە ئێستا و ڕابوردوو تێکەڵ کراون، هیچ یەکێک لە وەگێڕەکان ڕابوردووی بنەماڵەکەیان لە ئێستای خێزان و خۆیان دانەبڕیوە. هاوکات ئەم چیرۆکانە، تەنێ چیرۆکی بنەماڵەیەک نین، بەڵکوو چیرۆکگەلێکن دەتوانین زانیاری ورد لەبارەی کۆمەڵی کوردییەوە بەدەست بهێنین.

هەر بۆ نموونە کوژرانی کۆمۆنیستەکان لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوو، باسکردنی خەمی خەڵکی گوند لە چیرۆکی سێیەمدا، خەڵکی ئاوایی وادەزانن وەگێڕ، نوێنەری حکوومەتە و گلەیی و گازاندەی خۆیان دەکەن. ((گوندەکەمان قوتابخانەی نییە، منداڵەکان دەبێت بۆ گوندەکەی تەنیشتمان بچن، ئەویش نیو سەعات ڕێیە، پڕ لە سەگ و پیاوی خراپ. گوندەکەمان کارەبای نییە. گوندەکەمان جادەی نییە....)) (ل٩٠)، کەواتە ئەدەب و چیرۆک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە، ئەم تیۆرییە کەسانی وەک مادام دی ستایل، هیبۆلت تین و لۆکاش و گۆڵدمان کاریان لەبارەوە کردووە، کەواتە دەتوانم بڵێم، ئەم چیرۆکانەی بەختیار حەمەسوور ڕەنگدانەوەی تەواوی دۆخی کۆمەڵی کوردیین، واتە هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە بۆ ئێستا لەخۆ دەگرێت. چیرۆکەکان پڕن لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ،

هەمـوو ناسـەقامگیرییە کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و سـۆزدارییەکان لەخـۆ دەگـرن.

ڕاستە لـە هەر چیرۆکێک بە جودا وەگێڕ ناوەندی گێڕانەوەیـە، کارەکتـەری سـەرەکییە، بـەڵام هەمـوو شـتێک لـە کن وی نییـە، بەڵکوو کۆی چیرۆکەکـە بەسـەر کارەکتەرەکاندا دابـەش کـراوە. بۆ نموونـە لـە چیرۆکـی یەکەمـدا پیرەژنێکـی میهرەبـان هەیـە، کـە خـاوەن ئـەو ژوورەیـە، کارەکتـەر/ چیرۆکنـووس لێـی بـە کـرێ گرتـووە. لـە چیرۆکـی دووەم بۆمـان دەردەکەوێـت ئـەو پیرەژنـە بـە بنەچـە جـووە، بـە درۆ موسـڵمان بـووە، هـەر بـەو هۆیەشـەوە پێمـان دەڵێـت هـاوڕێ کالیڤنـۆ بووەتـە ئیسـلامی و نـاوی خـۆی گۆڕیـوە بـۆ سـەلمان. دەمەوێـت بڵێـم هـەر کارەکتەرێـک بەشـێک لـە زانیارییەکانـی لەکنـە و هـەر کات نـۆرەی هـات بۆمانـی دەگێڕێتـەوە.

بەختیـار حەمەسـوور چیرکنووسـێکە لەبـارەی شـارەوە دەنووسـێت، سـەتا هەشـتا بـۆ نـەوەدی کارەکتەرەکانـی شـارین و لـە چینـی ناوەڕاسـتن، کارەکتـەری چینی هـەژار و خەڵکی گوندیشی تێدایـە، واتـە زۆربـەی کارەکتەرەکانـی هونەرمەنـد، شـانۆکار، نووسـەر و خوێنـەرن. بـە بـڕوای مـن بوونـی ئـەم چینـە لەنـاو چیرۆکەکانی بەختیـار و زۆربـەی چیرۆکنووسـان، بریتییـە لـە فراوانبوونـی چەندانەیەتـی و چۆنایەتـی دامـەزراوە و ناوەندەکانـی خوێنـدن، بەتایبەتـی دوای ڕاپەڕیـن. هـاوکات (بەختیـار حەمەسـوور) یـش خـۆی سـەر بـەو چینـەی نـاو کۆمەڵـە، ئـەم چینـەش (چینـی ناوەڕاسـت) ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی لـە چارەسـەرکردنی پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان دەبینێـت. کارەکتەرەکانیـش سـەر بـە هەمـان چینـن. بـاوک، چیرۆکنـووس، کـوڕ، خانمـی خۆشەویسـتی چیرۆکنـووس، پیرەژنـی جـوو و ئەکراد هەمـوو ئەمانـە خەمـی پاراسـتنی پێگـەی خۆیـان نییـە، خەمـی لـە دەسـتدانی سـامانیان نییـە، کات و دەرفەتـی پتریـان بـۆ بیرکردنـەوە لـە پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان هەیـە. لـە هەمـان کاتـدا کارەکتەرانێکـی وەک هـاوڕێ قـەدۆ، موزەیکـژەن، شـانۆکار و هـاوڕێ کالڤینـۆ بـە هـۆی ئـەوەی لـە چینـی هـەژارن و ناتوانـن پرسـە سیاسـی کۆمەڵایەتییـەکان چارەسـەر بـن، دەبینیـن کـۆڵ دەدەن و موزیکـژەن خـۆی دەکوژێـت و شـانۆکاریش دوای فرۆشـتنی مـاڵ و پێویسـتییەکانی لـە گرانییەکـەی دوای نـەوەدەکان، بـۆ بژێـوی لەگـەڵ هاوسـەرەکەی خۆیـان دەسـووتێنن.

بەختیـار حەمەسـوور هـەوڵ دەدات کارەکتەرەکانـی، یـان واقیعیەتـی چیرۆکەکانـی زۆر لـە ژیـان نێزیـک بکاتـەوە. کارەکتەرەکانـی لەژێـر کاریگـەری دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵـی کوردەواریـدان، بەتایبەتـی لـە کۆتایـی سـاڵانی هەشـتای سـەدەی ڕابـوردوو بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەک. هێندێـک لـە کارەکتەرەکانـی ڕووداوەکانیـان قبووڵـە، بـەڵام هـەر یەکەیـان لایەنێکی کۆمەڵایەتـی و سیاسی و ئابووری و کولتووری کۆمـەڵ ڕوون دەکەنـەوە، هـەر کارەکتەرێـک لایـەک و گۆشـەنیگایەکی چیرۆکەکانـی لەسـەر شـانە. کوڕ چ وەک وەگێڕی چیرۆکـی سـێیەم و چ وەک کارەکتـەر لـە چیرۆکـی یەکەمـدا بـە هـۆی ڕەنگـی چاویـەوە بەشـێک لـە چیرۆکـی بنەماڵەکـەی دەگێڕدرێتـەوە، واتـە بنەماڵـەی بـاوک و دایکـی. هێندێـک لـە کارەکتـەرەکان دەگۆڕێـن، بـۆ نموونـە هـاوڕێ کالڤینـۆ لـە ڕووی ئایدیۆلۆجـی و بیروبـاوەڕی سیاسـییەوە دەگۆڕێـت، لـە کەسـێکی کۆمۆنیستەوە بۆ کەسێکی ئیسلامی دەگۆڕێت: ((براکەم: سـەرکەوتنی ئەهلـی ئیمـان بەسـەر کوفـری تاغووطدا.)) (ل٥٦) دەمـەوێ بڵێـم ئـەم گۆڕینـە بەهانەیەکـە بـۆ ئـەوەی دیوێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی کۆمەڵـی کـوردی لـە نـەوەدەکان پیشـان دەدات. بـە هەمـان شـێوە ئەکراد، ئەویـش لـە دەسـت واقیعیکی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابووری هەڵدێـت و دەیەوێـت لـە شـامەوە

بچێتە ئەورووپا. بە هۆی ناردنی فاکسەوە دۆخی ئەوێ و ئێرەمان بۆ روون دەکاتەوە. پێمان دەڵێت گەنجەکانمان بۆ کوردستان بەرەو ئەورووپا جێ دەهێڵن؟ ((ژۆیەکی بەدگۆڕانم بوو لە ناسکییەوە بۆ تەپاڵەیی! برسێتی، خۆفرۆشی، لەشفرۆشی، گوڵەوەچنی دایکان و خوشکانمان، سکپڕکردنی ژنە شێتەکانی شار، شەڕی براکان، شەڕی پەڕۆ و دروشم لەسەر شەقام و دەرگەی ئاودەست و مەکتەبەکان، شڕەخۆری، تالانکاریی کەلوپەل و ئاودیوکردنی بە سنووردا...)) (ل٦٠)

دەبینین کارەکتەرەکان بە شێوەیەک خەڵق کراون، کە هەم روونکەرەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتین، هەمیش ڕاڕا و دوودڵن، بە واتایەکی دیکە جۆرێک لە نائومێدییان پێوە دیارە، گوتم زۆربەی کارەکتەرەکان هونەرمەندن، یان لە چینی خوێندەوار و کتێبدۆستن، بەڵام لە کاریگەریی بەرهەمە فیکرییەکانیان، بیرکردنەوەکانیان لەسەر تاک و کۆمەڵ نائومێد دەبن و ناتوانن کارەکانیان لە قالب بدەن، لەناو چیرۆکەکاندا ئەگەر بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بەراورد بکەین بە ئاشکرا دیارە. پێش ڕاپەڕین کارەکتەرەکان کۆمۆنیستن و هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن، بە هۆی مەیل و ئارەزوویان بۆ کاری حیزبی و سیاسی، کارەکتەرەکان دەخوێننەوە، بە ئاشکرا گرنگیدان بە کارەکانیان بۆ کاریگەریی دانان بە ئاشکرا دیارە، بەڵام دوای ڕاپەڕین نائومێد دەبن. هەموو کۆمۆنیستەکان لە کەلاوەیەکدا کۆدەبنەوە و لە پێشانگەکەیاندا تابلۆکانیان دەسووتێنن. ((هەر هونەرمەندێک بە قاپێک نەوت و پاکەتێک شقارتەوە لای تابلۆکەی وەستابوو، نەدەزانرا چی ڕوودەدات. لەو ساتەدا خەڵکەکە هەنگاویان و پشتیان لە کەلاوەکە کرد، لە جووڵەیەکی شێتانە و کتوپڕدا (دواتر وتارێک بەم ناوە: پەراوەی شێتی دەربارەی نووسرا)، نەوتیان بە تابلۆکاندا کرد و بە تەڵەشقارتەیەک، کەلاوەکەیان ڕووناک کردەوە.)) (ل٥٣) کارەکتەرەکان وەک هەڵوێستێک ئەمە دەکەن، دەیانەوێت بەسەر ترسناکیی سەردەکەمەیاندا زاڵ بن، کە پڕە لە ناسەقامیگیری، بەتایبەتی بۆ کۆمۆنیستەکان، کە بەردەوام دەکوژران. نیگەرانی و زیانەکانی ئەو سەردەم هەموو بیرکردنەوە و مێشکی کارەکتەرەکانی سەرقاڵ کردووە. هاوکات ئەم کارەی هونەرمەندەکان: کردنەوەی پێشانگە لەناو کەلاوە، سووتاندنی تابلۆکانیان دەلالەتی ئەوەیە، ئەوان شوێنێک بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان نادۆزنەوە، بەرهەمەکانیان گرنگی نەماوە، ئەویش بە هۆی نەمانی ڕۆحی لێبوردەیی و زاڵبوونی بیرکردنەوەی توندڕەوانە و کوشتن.

لە ئەنجامدا سەبارەت بە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ڕۆح و هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دۆخی ژینگەیی، لە قۆناغە جوایەزەکانی مێژووی کوردستان. بەختیار حەمەسوور یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی دەتوانێت زۆر بە وردی گوزارشت لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لە قۆناغە جوایەزەکان بکات. کارەکتەرەکانی ناو ئەم کۆچیرۆکە لە ڕووی تایبەتمەندییەوە پێوەندییان بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بە گشتی کارەکتەرەکان سەر بە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵن، لە ڕێی سیفەتی هەریەکەیانەوە دەتوانین بیانناسینەوە. کۆی چیرۆکەکە لە ڕێی کردەوەی کارەکتەرەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی وەسفێکی زۆر و درێژمان هەبێت. عەودالبوون بۆ نووسینەوەی چیرۆکی بنەماڵە، هەوڵێکە بۆ باسکردن و پیشاندانی چیرۆکی کۆمەڵی کوردی. دەمەوێ بڵێم، هەر سێ وەگێڕ نووسینەوەی چیرۆکی بنەماڵەکەیان دەکەنە بەهانەیەک بۆ گێڕانەوە و باسکردنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوو، بۆ سەرەتای سەدەی بیست و یەک.